
www.kurdistannet.org
19-11-2005 13:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕۆژی پێنج جار دەست و دەم و چاو دەشۆی.. ساڵی جارێک دڵت ناشۆی،! ... م. حەمید عەزیز



ئەگێڕنەوەئەڵێن کابرایەك هەبووەهەمیشەلەمزگەت بووەو خەریکی نوێژوو ڕۆژو بووە، بەڵام کەهەر لەنوێژەکەتەواو بووەدەستی کردووەبەباس کردنی خەڵکی و فلان واو فیسار وا. ڕۆژێکیان کابرایەك پێ ی ئەڵێ (کاکەگیان ئەمەی تۆ ئەی کەی ڕاست نی یە، گوناح بار ئەبی، لەم لاوەنوێژو، لەولاوەزەم کردنی خەڵکی)،
کەچی کابرا بەم شێوەیەوەڵامی کابرای ئامۆژگاری کەری داوەتەوە، تۆزێ خۆی تورەکردوەو ووتوویەتی (جاخۆمن لەبەرئەوەنوێژ ئەکەم کەخوا لێم خۆش بێت وگوناحەکانم لەسەرلابەرێت، ، مەلای مزگەوتیش ئەورۆژەووتبووی، ، ئینسان چەند گوناحباربوو، کەنوێژی کرد گوناحەکانی سەرشانی ئەڕووات).
بەم هاوکێشەسەقەتەسەدان ساڵەبەم شێوە یەهێناومانە، ئەگەر کەسێکی زاناو زیرەکیش قسەی باشی بۆکردبین، بۆ نمونە ئەگەر ووتبێتی بەکەسێك (بۆخۆت هەوڵ بدەلەژیاندا کاربکەیت و فێربیت و بخوێنیت و دوای خەرافیات نەکەویت و تاماڵیش وەستابێت مزگەوت حەرام بێت)، کەچی پێ یان ووتوەئەمەبێ دینەو مەرحەبایشی حەرامە.
بەڕاستی ئێمەی کورد پێویستە ئەو قۆناغە ببڕین و ئازادی فیکرو ڕاو بۆچونی چیاواز وامان لێ نەکات بەچاوی ناشرین سەیری یەکتر بکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوەئەو کەسانەمان خۆشبویت کەلەگەڵمان جیاوازن، چونکە مرۆڤەکان وەکو یەك نین، هەریەکەمان لەخێزانێك و لەژێر فشاری جیاوازی ڕەفتارەکان گەورەبووین و، بەپەروەردەی سەقەتی ڕۆژهەڵاتی گۆش کراوین، بەشتە ناشرینەکان و کلتورەسەقەت و هەڵەکان گەورەبوین و فشارەدەرونی یەقێزەونەکانیان لەناخماندا ڕواندووەوەك فشاری نارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردە،، هتد.
کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵێ بابەت بەلنگەوقوچی حاڵی بووین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین لەووانەووشەی عەیب، عەیب، عەیب ناخی خەڵکی داتەپاندوەو کۆمەڵگای ئیفلیج کردووە.
ئەوەی کەئێمەپێ ی ئەڵێین عەیب یان عەیبە، بەپێچەوانەوەعەیب نی یە!! ئەو شتانەی کەلەلای ئێمە عەیبەبەڕاستی زۆر ئاسایی یە، ئازارەکانمان ئێجگار گەورەیەو سوێکانمان لەناو جەرگماندا لەو عەیبانەهێلانەی کردووە.... !! ئەمەوێ تێبگەم تا کەی عەیبە؟ خۆ ئێمەلەدووای هەموو دنیاوەین، هەموو حەزەجوانەکانمانیشمان کوشت بەعەیبە، دڵەجوانەکانمان لەلێدان خست بەعەیبە، ئەوەی خەریکی عەیبەیەخۆی هەموو گیانی عەیبەیەکەچی وازناهێنێ لەو مرۆڤەی کەیەك جار ئەژی، ، !!
بۆنموونەئازادی لەجل وبەرگ پۆشین، عەیبەکەی لەکویایە؟؟ ئازادی گەڕان، ئەگەر ژنێك یان کچێك بەتەنیا سەفەر بکات یان بگەڕێت، ئەگەر مرۆڤێك هەژار بێت یان بەرگەکەی شڕۆڵەبێت. هەندێ لەئیش وکار کەکۆمەڵگا بەنزم سەیری ئەکات کەخۆی لەبنەڕەتدا خزمەتی خەڵك خۆیەتی، ئیش کردن عەیبەکەی لەکویایە؟ بۆ نمونەکاری پاك کردنەوە بەهەموو جۆرەکانی یەوەوەك

فەڕاشی، پێڵاو بۆیاخ كردن، شاگردی، .. هتد. ئەمەعەیبەكەی لەكویایە؟ ئەی باشەخەڵكی ڕوبكاتە كوێ كەهەموو شتێك عەیبەبێت؟؟

لەڕاستیدا ئەوكەسەی كەكار دەكات جێی ڕێزو گەورەیی یەهەر كارێك بێت، خزمەتی مرۆڤایەتی بكات.

بەڵام زۆر بەپێچەوانەی دنیاوەئەوشتانەی عەیبەنی یەلای ئێمە، (كەئەڵێم لای ئێمەمەبەست لەمرۆڤی ڕۆژهەڵاتی یەوەك عەرەب، تورك، فارس، كورد، .. هتد)، پیاوكوشتن، دزی، درۆ، خیانەت، بەدەنگی بەرز قسەكردن، جگەرەكێشان لەشوێنەگشتی یەكان، ڕێز نەگرتنی منداڵ و هەروەها لێدان، فیكەلێدان لەبازاڕو هاواركردن، خەڵك نارەحەت كردن بەهۆرنی ئۆتۆمۆبیل، ڕێز نەگرتنی یاسا، ئەمانەو زۆر شتی ناشرینی ترن كەجێی سەرسوڕمانە، كەچی عەیب نی یە. باشەڕوبكەینەكوێ لێمان تێ بگەن؟؟.

ئێمەهەمیشەسەر گەرمین بەیەكتری یەوەزۆربەشمان ناخمان نەخۆشەو حەز بەیەكتری ناكەین و ئاینەكەشمان بەسەقەتی بردووە بەڕێیووەو، خەریكی نوێژو ڕۆژوین و ڕۆژی پێنج جار دەست و دەم و چاومان ئەشۆین كەچی ساڵی جارێكیش دڵمان ناشۆین.

Hamid773@hotmail. com 2005/11/19